# ئەم دڵەی من

کاوەی خەسرەو کاوانی ★



ئەم دڵەی من
ئەمشەو ژان گرتووی شیعرێکی نەنوسراوە ,
بۆ هێزی ورشەی چاوانت
لە گلێنەی دیدەکانم
فرمێسکێکی قەتیس ماوە ,
ئەم دڵەی من
هەستی سۆزی بێ سنوورم
بەرەو دەریای خۆشەویستی
تۆ پێل دەدا و ...
ئەژنۆی شیعرم
لە ئاستی ئەم حەزە شێتە
هەرچەندە بلێ ی لاوازە ,
گەر تۆ نەبی
لە بێ کەسی  بێ کەس ترم
دڵیش بێ تۆ هەتیوێکی لانەوازە .